

# فتواو و دەستور

## جەزا چنگیانی

دەستور بڕیارێکی کۆدەنگییە ... فتوا بڕیارێکی تاك ڕەوییە .دەستور بنامایەکی ڕوونڕەوی ( معریف ) ویاسایی و ئاوزانی هەیە , لە ئاست پیداویستیەکانی کۆمەڵ و ڕۆژدا دادەڕێژرێ . چۆن دەستور بەکۆدەنگ و لە بەرژەوەندی کۆدا دادەڕێژرێ ئاواش بە کۆی دەنگ دەستور دەشێ لە پێناوی بەرژەوەندی کۆی کۆمەڵدا هەڵبشێلێتەوە و شێوەیەکی نۆی لێدروست بکرێت . دەستور بەری ئاوزانی کۆمەڵگایەکی مۆدیرنە . فتوا بەری ئاوزانی کۆمەڵگایەکی پڕێمتیف و گەوجە . سەرچاوەی فتوا هزری تاکە و بنامای ڕوونڕەوی و یاسایی نیە.. ئەوی بڕوای بە هێزی فتوا هەبێ ناتوانێت باس لە دەستور بکات . جیاوازی لە نێوان فتوا و بڕیارەکانی کۆی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس و بڕیارەتاکەکانی دکتاتورەکاندا نیە .جاران صدام بە بڕیارێك هێزی گشت دەستورێکی کاڵدەکردەوە.ئیستا فتوای سیستانی .لە کۆمەڵگای فتوادا ئافرەت ئاژەڵە و بۆ ئارەزووی پیاو دروست بووە . بۆیە محەمەد تا ژیا وەك سەرپایی ئافرەتی گۆڕیوە .. سەرەتا کە محەمەد فتوای بە تاك دەرکرد هۆی نەبوونی دەسەڵاتێکی یاسای بوولە نێوە دۆرگەی گەوجی عەرەبیدا . کۆمەڵگایەك هێندە گەوج بێت جڵەوی ژیانی بداتە دەست فتوا . ئەو کۆمەڵگایە ناتوانی باس لە دیموکراتی و ماڤی مرۆڤ و ڕێزی ئافرەتان بکات .

خۆسەخڵەتکردن بۆ تێگەیشتنی کۆمەڵگایەکی خاوەن فتوا لە دیموکراتیەت وەك ڕمانی پیرەمگرون وایە بە نووکی پێنوسێك . گەیشتنی دوو ( عقلیەت ) کە تا سەرئیسقان دژی یەکن ( علمانیەت و مدنیەت ) وەك بەیەکگەیشتنی نیگیتیف و پۆزتیفی کارەبا وایە نەك ووزەی ڕووناکی بە گڵۆپێك نادا بەڵکو سەرچاوەکانی ووزە دەپووکینیتەوە . ئەمەریکا و کورد زۆر بە هەڵەداچون و دەچن گەر چاوەڕی ئەوەبکەن ئاوزانی خاوەن فتواکان هێندە پێشبخەن تاگۆی لە کۆیدەنگ بگرن. ئەگەر گەورەترین تاوان لە مێژوودا بەرامبەر بە مرۆڤ کرابێت ئەویش بوونی ئیسلامە . لەو ڕۆژەوەی ئەم تەوژمە هزریە لە ناو کۆمەڵگایەکی گەوجدا هاتە بوون مرۆڤایەتی بەرەو داتەپینی بەها جوانەکانی ژیان برد . هەموو جوانی فەلسەفەی ئیسلام یەك سورەتە ئەویش ( الانفالە ) هەر کۆمەڵگایەك لە ئیسلام نزیك بکەویتە مێژوی خوێناوی دەبیّ بۆیە هەموو موسوڵمانیك ناخێکی پڕە لە فتوای خویناوی .ئەوەی دەڵی ئەم بۆچونە بوختانە با لاپەڕەیەکی سپی بیّ خوینی مرۆڤمان لە مێژووی ئیسلامدا بۆ بخۆینیتەوە .

سان پیترسبۆرگ 21/08/2005

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de